## هۆزان ناتاليا:

# پێویستمان بە کۆمسیۆنێکی هونەرمەندانی کورد هەیە، کە هەموو هونەرمەندان لەژێر یەک چەتردا کۆ بکاتەوە

ناتاليا سەرەتا باسی لە ئاستی هونەری کوردی و بەتايبەتی گۆرانی و موزيك كرد و گوتی: «من پێموایە هونەری کوردی ئێستا زۆر لە جاران پێشكەوتووترە، بەگشتی ميوزيك پێشكەوتووە و لەگەڵيشيدا هونەری کوردی پێشكەوتنی بەخۆيەوە بينيوە، بەڵام بەداخەوە هەست دەكرێت تام و چێژ و رۆحييەتی کوردی لە نێو ميوزيك وگۆرانيی ئێستادا كەمی كردووە، بۆيە پێويستە تام و بۆنی کوردی هەميشە لە نێو بەرهەمەكانی ئێستادا بمێنێ». هۆزان ناتاليا سەبارەت بە دووركەوتنەوەی چەند ساڵی رابردووی لە هونەر، تيشكی خستە چەند هۆكارێك و گوتی: «ماوەيەكی زۆرە لە كاری هونەری دوور كەوتوومەتەوە، بەڵام ئەوەش هۆكاری خۆی هەبووە، من لە ئەڵمانيا لە شاری بەرلين دەژيم، بۆ ماوەی هەشت ساڵ زۆر سەرقاڵی خوێندن بووم لە زانكۆ، ئەو توانايەشم نەبووە كە كاری هونەری و زانكۆ بەيەكەوە ئەنجام بدەم، چونكە من لە ماوەی هەشت بۆ نۆ ساڵدا دوو زانكۆم خوێند، بەو هۆيەوە فريای كاری هونەری نەكەتووم و هەر بەدوای خوێندنەوە بووم، ئەمە هۆكاری سەرەكی دووركەوتنەوەی من بووە لە كاری هونەری، كاری هونەرييش ماندووبوونێكی زۆر و پارەيەكی زۆر و كاتێكی زۆريشی دەوێت، تاوەكو بەرهەمێكی نوێ بڵاوبكەيتەوە، ئەمەش بۆ من زەحمەت و سەخت بوو». ئەو خانمە هونەرمەندە باسی لەوە كرد كە لە ئێستادا سەرقاڵی تۆماركردن و بڵاوكردنەوەی بەرهەمی نوێيە، لەو بارەيەوە گوتی: «دوو گۆرانيم لە ئۆكرانيا كليپ كردووە، يەكێك بەناوی (هێلينا بلبلا)، كە ئاواز و تێكست و ميوزيك هی خۆمە، گۆرانيی دووەميشم بەناوی (بەهەشتا وەڵات)ـە، ئەويش تێكست و ئاوازو ميوزيك هەر هی خۆمە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا سەرقاڵی تۆماركردنی گۆرانييەكی فۆلكلۆريی كورديم، كە هی چەند ناوچەيەكی جياوازی كوردستانە، ئەميش لەم نزيكانە كليپ دەكەم، هەروەها لە سەرەتای ساڵی نوێيدا بەنيازی دروستكردنی ئەلبوومێكی گۆرانيم، كە لە چەند گۆرانييەكی نيشتمانپەروەری، فۆلكلۆری، ئەڤينداری پێكهاتووە، هيوادارم بە دڵی هەوادارانی ميوزيكی كوردی بێت». دەربارەی پێويستيی گەياندنی هونەری كوردی بە میللەتانی جيهان بۆ ئاشنا بوونيان بە هونەری كوردی و زياتر ناساندنی، ناتاليا گوتی: «من لەو باوەڕەدام، كە ئەگەر هونەر و ميوزيكی كوردی بە ئاستێكی بڵند كاری لەسەر بكرێت و ئەدا و دابەشكردنێكی جوانی بۆ بكرێت، بێگومان میللەتانی دیكەش بە گرنگييەكی زياترەوە باسی دەكەن و پێشوازييەكی باشی لێ دەكەن، زۆر هونەرمەندی ناوداری كورد هەيە كە بەداخەوە گۆرانی و ميوزيكی كوردی پێشكەش ناكەن، بۆ نموونە لە رووسيا خانمە هونەمەند زارامان هەيە، كە ئێستا ناوبانگێكی زۆری هەيە، بەڵام مخابن زياتر بە هونەرمەندێكی رووس دەناسرێت، بە بڕوای من ئەگەر دەرفەت هەبێت، ئێمەش وەكو كورد دەتوانين پێشكەوتنی باش بەدەست بخەين و هونەر و ميوزيكی خۆمان بگەيەنينە هەموو جيهان. دەبێت ئەوەش لەبير نەكەين كە زۆر لە نەتەوەكانی ديكە ميوزيك و هونەری كوردييان دزيوە و كردوويانە بە موڵكی خۆيان، زۆرێك لە گۆرانييە توركی و ئەرمەنی و



فارسییەکان کوردین، بەڵام ئەوان کردوویانن بە هی خۆیان، چونکە کەس نەبووە بەرگری لە میوزیك و گۆرانیی کوردی بکات، ئەوانیش بە ئارەزووی خۆیان سوودیان لە گۆرانیی کوردی وەرگرتووە و کردوویانە بە موڵکی خۆیان.

ناتالیا بە گرنگییەوە باس لەوە دەکات کە هونەری کوردی لە گشت پارچەکانی کوردستان پێویستی بە رێکخستنەوە و لێك نزیکبوونەوەی زیاتری هونەرمەندانی کورد هەیە، لەم بارەوە دەڵێ: «بەداخەوە پەیوەندی و تێکەڵی لە نێوان هونەرمەندانی کورد زۆر باش نییە، تاوەکو ئێستا کۆمیسۆنێکی هونەرمەندانی کورد نییە، کە هەمووهونەرمەندان لە ژێر یەك چەتردا کۆ بکاتەوە، هەڵبەتە من تێکەڵی و پەیوەندیم لەگەڵ بەشێکی زۆر لە هونەرمەندانی کوردستان هەیە، بەڵام لەو ئاستەدا نییە پێی دڵخۆش بین، من هەر کارێکی هونەری نوێ بکەم، سەرەتا راوبۆچوونی چەند هونەرمەندێکی بە ئەزموون و داهێنەر وەردەگرم و سوود لە تێبینییەکانیان وەردەگرم، ئینجا بەرهەمەکانم بڵاودەکەمەوە.

لەبارەی بوونی میراتێکی هونەری لە خانەوادەکەیدا نەتالیا دەڵێ: «لە نێو بنەماڵەکەماندا زۆر دەنگخۆش و گۆرانیبێژ هەبوون، دایکم (مەیرەما حەمید) چەندین گۆرانیی لە رادیۆی ئێریڤان گوتووە، من لە رێگەی گۆرانییەکانی دایکم و بنەماڵەکەمەوە پەروەردەبووم و گۆرانییەکانی ئەوانم گوتۆتەوە، حەزدەکەم منداڵەکانی منیش هەمان رێچکە بگرنەبەر، هەرچەندە حەز لە گۆرانی کوردی دەکەن، بەڵام وەکو من نین و زیاتر گوێ لە گۆرانیی ئینگلیزی دەگرن، زۆرجاریش بە من دەڵێن بۆ گۆرانی بە ئینگلیزی ناڵێیت، کاریگەریی میوزیك و گۆرانیی بیانی بەسەر نەوەی ئێستادا زاڵە، من دوو کوڕم هەیە، یەکێکیان ١٣ ساڵە و ئەوی دیکەیان ١٠ ساڵە، ئەوەی ١٣ ساڵی زۆر حەز بە وەرزش دەکات، بەڵام کوڕە بچووکەکەم زۆر حەز لە گۆرانی و میوزیك دەکات، ئێستا لە کۆرسێکی فێربوونی پیانۆ بەشداری دەکات و زۆر باش بووە و دەتوانێت نۆتەی میوزیك بخوێنێتەوە، هەندێ جار گۆرانی کوردی و رووسی و ئەرمەنی دەڵێتەوە، هیوای زۆرم بەو کوڕەم هەیە و پێموایە دەتوانێت بەباشی خزمەت بە گۆرانی و میوزیکی کوردی بکات».

لە کۆتاییدا هۆزان ناتالیا باسی لەوە کرد کە تا ئێستا نەیتوانیوە سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، بۆ ئەو مەبەستەش گوتی «بۆم نەڕەخساوە سەردانی باشووری کوردستان بکەم، هیوا و ئاواتی من ئەوەیە جارێك سەردانی کوردستانەکەم بکەم، بەهۆی ئەوەی من سەرقاڵی خوێندن بووم و هیچ بەرهەمێکی نوێم نەبووە، بەڵام ئێستا چەند بەرهەمێکی نوێم هەیە و ساڵی داهاتووش بەنیازم بۆ ئەلبوومێکی نوێ بێمە کوردستان و کۆنسێرتێکی مەزن سازبکەم.»



**ناتالیا، یان هۆزان ناتالیا خانمێکی دەنگخۆشی کوردی ئەرمەنستانە، سەرەتا لە وڵاتی ئۆکراینا وەک هونەرمەندێکی بەتوانا دەرکەوت، لە دایک و باوکییەوە فێری گۆرانیگوتن بووە، لە کاتی گۆرانیگوتن بەردەوام گوێی لە دایکی گرتووە و دواتریش گۆرانییەکانی دووبارە کردۆتەوە و بە بەشێک لە خەبات و کەمکردنەوەی ئازارەکانی داگیرکاری و دووره وڵاتیی دادەنێت، چونکە خۆی چەندین ساڵە لە غەریبی و لە وڵاتی ئەڵمانیا ژیان بەسەر دەبات، ئەو خانمە هونەرمەندە لە دیمانەیەکدا بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**



# جنێڤەر دەیەوێ لە جیهان دابڕێت

خانمە ئەکتەری ناسراوی هۆڵیۆد (جنێڤەر ئەنیستۆن) لە میانەی دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری (Glamour) رایگەیاند: کە خۆی دوورەپەرێز دەگرێت و مەترسی ئەوەشی لەسەرە کە پەیوەندیی لەگەڵ جیهانی راستەقینەدا بە تەواوی بپچڕێت.

ئەنیستۆنی تەمەن ٥٥ ساڵ لەو بارەوە زیاتر گوتی: «هیوادارم کەس بە هەڵەم لێم تێ نەگات، بەڵام زۆر جار تەنیا و دوورەپەرێزم، حەز دەکەم زۆربەی کات لە ماڵەوە بم، چونکە لە ماڵەکەی خۆمدا هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی زیاتر دەکەم، بەڵام ئەگەر زیاتر لە ماڵەوە دانیشم، دوور نییە لە جیهانی راستەقینە دابڕێم، بەمەش ئاگاداری هیچ لە رووداوەکانی جیهان نابم.»

لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەی گۆڤارەکەدا دەربارەی گرنگی ئافرەت لە هۆلیۆددا گوتی: «پێموایە ئەمە کارێکی سەرنجڕاکێشە و هەموو لایەك گرنگیی پێ دەدەن، بۆ هەموو لایەك ئاشکرایە کە لە هۆڵیۆد ئافرەت خاوەن هێز و توانایەکی لە رادەبەدەر نییە، کە شایەنی باسکردن بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا وەکو مرۆڤ، هەر هەموومان مرۆڤی بەهێزین».

جنێڤەر ئێستا لەسەر خزمەتگوزاریی تەلەفزیۆنی ئەپڵ بەشداری لە ئەڵقەکانی بەرنامەی The Morning Show دەکات، کە تێیدا رۆڵی بێژەری ناسراو ئەلیکس دەبینێت، هاوشانی ریس ویزەرسپۆن کە ئەویش رۆڵی دۆر برادلی کە رۆژنامەنووس و چالاکوانێکە، بودجەی ئەم بەرنامەیە دەگاتە ١٥ ملیۆن دۆلار بۆ هەر ئەڵقەیەك، ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەییە و دەگەڕێتەوە بۆ بوونی تیمێکی ناسراوی دەرهێنەر و تەکنیککارانی ناسراو لەسەر ئاستی جیهان.



# سەرۆکی بەرازیل هێرش دەکاتە سەر لیۆناردۆ

لە دوایین لێدوانیدا سەبارەت بە ئاگرکەوتنەوە لە دارستانی ئەمازۆن (جاییر بۆلسارنۆ)ی سەرۆکی بەرازیل هێرشێکی توندی کردە سەر _(لیۆناردۆ دیکابریۆ)ی ئەستێرەی ناسراوی هۆڵیۆد و بە پاڵپشتیکردنی س،وتاندنی دارستانەکانی ئەمازۆن تاوانباری کرد.

بۆلسارنۆ بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەك پێشکەش بکات، گوتی: «لیۆناردۆ پاڵپشتی گڕگرتنی دارستانەکانی ئەمازۆنی کردووە، پێتانوایە کە لیۆناردۆ کەسێکی باشە، وا نییە؟ ئەم کابرایە پارەی بەخشیوە بۆ ئەوەی دارستانەکانی ئەمازۆن بسووتێندرێت.»

هەر لەم بارەوە سندوقی جیهانی بۆ ژیانی وشکانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چەند پۆستەرێکیان بڵاوکردەوە، کە تێیدا ئاماژە بەوە کراوە، سندوقی ناوبراو بڕە پارەیەکی زۆری داوە بۆ گرتنی چەندین وێنەی ژمارەیەك منداڵی خۆبەخشی ئاگرکوژێنەوە و دواتر وێنەکان بەکارهێندراون بۆ کۆکردنەوەی کۆمەك. بەپێی سەرچاوەکان لیۆناردۆ بڕی نیو ملیۆن دۆلاری بەخشیوە.

لەلایەن خۆیەوە سندوقی جیهانی بۆ ژیانی وشکانی ئەوەی رەت کردەوە کە هیچ بڕە پارەیەکیان لە لیۆناردۆ وەرگرتبێت، یان وێنەی پیاوانی ئاگرکوژێنەوەیان پێشکەشی کردبێ، بە هەمان شێوێ لیۆناردۆش ئەوە هەواڵانەی رەت کردەوە کە گوایە پارەی پێشکەش بە سندوقی ناوبراو کردبێت، لەم بارەوە گوتی: «گەلی بەرازیل کار بۆ رزگارکردنی کولتووری سرووشتی و فەرهەنگیی خۆی دەکات.»

جێگای وەبیرهێنانەوەیە لیۆناردۆ بەوە ناسراوە کە بەرگریکارێکی توندی نەهێشتنی گۆڕانکاریی کەشوهەوایە و چەندین جار لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا باسی ئەم بابەتەی کردووە، لەوانەش گڕگرتنی دارستانەکانی ئەمازۆن، هەروەها میانەی دەزگای (هاوپەیمانی زەوی - Earth Alliance) دەزگایەکی تایبەتی دامەزراندووە و گرنگی بەو پرۆژانە دەدات کە ژیانی وشکانی دەپارێزن، بەتایبەتی ئەوانەی مەترسیی لەناوچوونیان لەسەرە، بە پێی گۆڤاری The Hollywood Reporter لە رێگای ئەو دەزگایەوە وەك یارمەتی بۆ کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی ئەمازۆن بڕی پێنج ملیۆن دۆلاری بەخشیوە.



## ئیما واتسۆن:
# پێویستم بە پیاو نییە تا دڵم خۆش بکات

ماڵپەڕی(CNN)ی ئەمریکی ناوەڕۆکی دیمانەیەکی خانمە ئەکتەر (ئیما واتسۆن)ی بڵاوکردەوە، کە لەگەڵ گۆڤاری (Vogue) ئەنجامی داوە و تێیدا ئاماژە بەوە دەکات کە لە ژیانی سینگڵیدا زۆر ئاسودەیە، لە ئێستادا پێویستی بە پیاو نییە تا ژیانی خۆش بکات.

ئیمای پاڵەوانی زنجیرە فیلمی هاری پۆتەر ئەوەشی ڕاگەیاند: «لە ئێستادا کە خۆم بۆ گێڕانی ئاهەنگی ٣٠ ساڵەی لە دایکبوونم ئامادە دەکەم، هەست بە خۆشی و ئاسوودەیی دەکەم و دۆخی ژیانم نیگەرانیم بۆ دروست ناکات، چونکە خۆم بە هاوبەشی ژیانی خۆم دەزانم، پێموایە زۆر ئاساییە ئەگەر کەسێك تەمەنی بگاتە سی ساڵ و سینگڵ بێت».

ئیما دەربارەی سینڵی دەڵێ: «بەر لە چەند ساڵێك هاوڕێیەکم لە هاوسەرەکەی جیابۆوە پێی وتم کە زۆر ئاسووە و خۆشحاڵە بە ژیانی خۆی، من ئەو کات باوەڕم بە قسەکانی نەکرد، بەڵام دوای چەند ساڵێك ئەوەم بۆ روون بۆوە، لێتان ناشارمەوە کە کاتێکی زۆری ویست تاکو توانیم خۆم بگونجێنم، ئێستا منیش وەك ئەو هاوڕێیەم خۆشحاڵم».

گۆڤاری (vogue)ی بەریتانی لە ئەنستاگرام چەند ڤیدیۆ و وێنەیەکی ئیما واتسۆنی بڵاوکردەوە و نووسیویەتی: «ئیما یەکێکە لە بەناوبانگترین کەسایەتییەکانی سەر زەوی و نزیکەی ١٠٠ ملیۆن کەس لە سۆشیال میدیا سەیری بەرهەمەکانی دەکەن».

# ئەو ئۆپەرێتەی باڵەخانەی (چالاکیی قوتابخانەکانی هەولێر)ی دروست کرد




خوێنەرانی ئازیز ئەوەی مەبەستمانە هەڵوێستەی لەسەر بکەین ئۆپەرێتی «تارا»یە، کە یەکێکە لەو ئۆپەرێتانەی هونەرمەند (واحید مەرجان) نووسیویەتی و هەر خۆشی کاری دەرهێنانی بۆ کردووە، لە ساڵی ١٩٧٤ فیستڤاڵێکی تایبەت بە ئۆپەرێت لەسەر ئاستی هەموو پارێزگاکانی عێراق بەناوی «فیستڤاڵی چالاکیی قوتابخانەکانی عێراق» لە شاری بەغدا سازدکرا، هەولێریش یەکێك بوو لەو پارێزگایانە کە بە ئۆپەرێتی (تارا) لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند «واحید مەرجان» بەشدار بوو، هەرخۆشی ئاوازی بۆ گۆرانییەکان دادەنا و دیزاینی دیکۆرەکەش لەلایەن خۆیەوە ئامادەکرا، لە هەمان کاتیشدا وەکو ئەکتەر لە ئۆپەرێتەکەشدا رۆڵی دەبینی.

لە کۆتایی فیستیڤاڵدا ئۆپەرێتی «تارا» کە بەرهەمی چالاکیی قوتابخانەکانی شاری هەولێر بوو، توانی پلەی یەکەم لەسەر ئاستی عێراق بەدەست بهێنێت و ببێتە مایەی رەزامەندیی ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن و سەرپەرشتیاران و ئامادەبووانی فیستڤاڵەکە، وەزیری پەروەدەی عێراقی کە ئەو کات یەکێك دەبێت لەوانەی کە لە رووی (بابەت، دیکۆر، نواندن، دەرهێنان، موزیك) بەئۆپەرێتەکە زۆر سەرسام دەبێت، هەربۆیە لە دوای تەواو بوونی فیستڤاڵەکە لەگەڵ سەرجەم ستاڤی ئۆپەرێتەکە کۆدەبێتەوە و دوای دەستخۆشی لێکردن و پیرۆزبایی لە ستاڤی ئۆپەرێتی «تارا»، بە بەڕێوەبەری چالاکیی قوتابخانەکانی هەولێر (م. جەمال هیدایەت) دەڵێت : «ئۆپەرێتەکەی ئێوە زۆر دڵخۆشی کردم، کارێکی واتان کردوە زۆر لەئاستی پارێزگاکانی دیکەی عێراق وەکو بەسرا و موسڵ بگرە لە بەغداش باشتر بێت، بۆیە کارەکانتان لەو ئاستەدایە کە چیتان پێویستە بۆتانی جێبەجێ بکەم، فەرموون چیتان پێویستە؟» مامۆستا جەمالیش لە وەڵامدا بە وەزیر دەڵێت: «بەداخەوە ئێمە لە شاری هەولێر وەکو چالاکیی قوتابخانەکان تا ئێستا باڵەخانەیەکی تایبەت بە خۆمان نییە، بۆ ئەوەی کارەکانی خۆمان وەکو راهێنان و پرۆڤەکانمان لە نێویدا ئەنجام بدەین»، لە وەڵامدا وەزیرش راستەوخۆ فەرمان دەکات کە بە زووترین باڵەخانەیەکی تایبەت بە چالاکیی قوتابخانەکانی هەولێر دروست بکرێت، بەڵێ، ئێستا ئەو باڵەخانەیەی چالاکیی قوتابخانەکان هەولێر کە لە گەڕەکی رووناکییە لە هەولێر، بەرهەم و دەستکەوتی ئۆپەرێتی «تارا»یە، بەتایبەتیش بۆ هونەرمەندی گەورە واحید مەرجان دەگرێتەوە.

بەڕێزان هێشتا بەرهەم و دەستکەوتی ئۆپەرێتی «تارا» کۆتایی نەهاتووە، ئەو کات لە عێراق تەلەفزیۆنی پەروەردەیی هەبوو، هەر بۆیە بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنەکە بڕیار دەدات ئەو ئۆپەرێتە (تارا) بۆ تەلەفزیۆن تۆماربکەن، لەوێش ستاڤی ئۆپەرێتەکە داواکاریی دیکەیان دەبێت، کە تا ئەو داوەیەیان جێبەجێ نەکرێت، ئۆپەرێتەکە تۆمار ناکەن، داوەکەش بریتی دەبێت لە مۆڵەتدان بۆ تۆمارکردنی درامای تەلەفزیۆنیی (چڵپاو) کە بەرهەمی تیپی هونەریی هەولێر بوو، هەر بۆیە دوای چەند کاتژمێرێك رەزامەندی وەردەگرن، ئینجا ئۆپەرێتەکەیان تۆمار






دەکەن، ئەمەش دەستکەوتێکی دیکەی هونەرمەند واحید مەرجانە.

وێستگەکانی ژیانی هونەرمەند واحید مەرجان وەکو ئەکتەر و شێوەکار و موزیکژەن و دەرهێنەر و دیزاینەر.

ناوی تەواوی (عەبدولواحید خدر مەرجان)ـە ساڵی ١٩٤٢ لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (ئەربیل ئولا) و (ئیبن مستەوفی) تەواوکردووە، ساڵی ١٩٦٢ خانەی مامۆستایانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٦٣ بۆتە مامۆستای هونەر لە ناوەندیی سەلاحەدین، ساڵی ١٩٥٨ لە یاریگای هەولێر بەشداریی پێشانگایەکی هاوبەشی کردووە و خەڵاتی دووەمی وەرگرتووە، چەندین پێشانگای هونەریی تایبەتی لە ناوەو دەرەوەی کوردستان کردۆتەوە، دەستەی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای دەرسیم بووە، کە لە ساڵی ١٩٥٨ دامەزراوە، دەستەی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای مامۆستایان بووە لەهەولێر، هەروەها دەستەی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای کرێکاران بووە لەهەولێر، وەك پسپۆڕ لە بواری نەخشەسازی و دیکۆر لەگەڵ تیپی هونەرە میللیەکان کاری کردووە، سەرۆکی تیپی مۆسیقای چالاکیی قوتابخانەکان بووە، بەرامبەر بە پێشکەشکردنی ئۆپەرێتی (کاروانی خەبات) خەڵاتی یەکەمی لەسەر ئاستی عێراق وەردەگرتووە، لێپرسراوی تیپی مۆزیکی هونەر و وێژەی کوردیی هەولێربووە، بۆ یەکەمجار ئامێری ئۆکۆردیۆنی لە شێوەی ڕۆژئاواییی گۆڕیوە بۆ ڕۆژهەڵاتی، بەشداریی لە یەکەم ڤیستیڤاڵی هونەری کوردی لە بەغدا کردووە، ساڵی ١٩٧٤ بە ئۆپەرێتی (باران) لە نووسین و ئاواز و دەرهێنانی خۆی بەشدار بووە، ساڵی ١٩٧٩ بۆ ئاشنا بوون بە بواری هونەر سەردانی وڵاتانی (بولغاریا و چیکسلۆفاکیا و یەکێتیی سۆڤیەت و نەمسا) ی کردووە، لەگەڵ تیپی هونەرە میللییەکانی هەولێر وەك سۆڵیست لەسەر ئامێری عود و وەك ئەکتەر و دەرهێنەریش لە چەندین شانۆ و درامای تەلەفزیۆنی کاری کردووە، لەوانە (چلپاو، مارەیی، مەم و زین، تاپۆ حەقی چییە، شێتخانە ئەفەندی، لاس و خەزاڵ، میوانی ناوەخت، گوڵی نهێنی، زاوای گەلحۆ، گەمەی خەونە زیندووەکان) ساڵانی ١٩٩٨ و ٢٠٠٠ و ٢٠٠٤ پێشانگای تایبەتی کردۆتەوە، ساڵی ٢٠٠٦ خانەنشین بووە و لە ٩/٢/٢٠١٦ کۆچی دوایی کردووە.

جێگای وەبیرهێنانەوەیە لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ی خەڵکی کوردستان لەبەر گرنگی و بەهای ئۆپەرێتەکە، دووبارە لەشاری هەولێر لە ٢٠٠٠/٣/١٢ لە هۆڵی گەل بە ئامادەبوونی وەزیری ڕۆشنبیریی ئەوکات مامۆستا (فەلەکەدین کاکەیی) دووبارە نمایش کرایەوە و بووە جێگای ڕەزامەندیی ئامادەبووان.

بۆ نووسینی ئەم باسە سوودم لە دیداری هونەرمەندان (م. جەمال هیدایەت، عەلی ئەحەمەد، خالید سەرکار، خالد عومەر، هۆشیار مەرجان) وەرگرتووە.



**ئۆپەرێت جۆرێکە لە جۆرەکانی شانۆگەریی گۆرانی کە زیاتر دیالۆگی گۆرانی و موزیک لەخۆدەگرێت، لەگەڵ هەندێک دیالۆگی سادە، نەک دیالۆگی جددی هەروەکو لە دەقە شانۆییەکان و لە ئۆپێرادا هەیە، ئۆپەرێت بۆ یەکەمین جار لە وڵاتی فەرەنسا لە سەدەی نۆزدە سەری هەڵدا، لە نێوان ئۆپێرا و ئۆپەرێت جیاوازی هەیە، بەواتایەکی دیکە ئۆپەرێت بریتییە لە هونەری شانۆگەرییەکی گۆرانیئامێز لە گرێیەکی سۆزداریدا بە خۆشی کۆتایی دێت، ئامانج لێی ئامۆژگاری و خۆشی و شادییە.**

**کامەران حاجی ئەلیاس**